گفتوگۆیەك لەگەڵ بزورگی عەلەویدا

دیداری: جەلالی سەرفراز

بۆ من کە ساڵانێکە لە غوربەتی بەرلینی خۆرهەڵات دەیگوزەرێنم ، دیداری جارجار لەگەڵ ئاغا بزورگدا هۆکاری دڵگەرمییە ، پێکەوە دادەنیشینو قسە لێرەو لەوێ دەکەین، هەرچەندە بیروڕاشمان جیاوازە، سەرەنجام کاتی کە بڕیاردەدەین وتەکان تۆماربکەین ، بەشی قسەکان زیاتر لەدەستی ئەودایە ، ئەمجارە قسەمان لەسەر(نیما)کردو قسەمان بۆ شوێنێتر چوون...

عەلەوی و نیما یوشیج

❖ **ئاغا بزورگ دەڵێ:**

▪ من ئاشنای نیمابووم، هاوڕێو هاوکاریشی بووم، لە قوتابخانەی پیشەسازی پێکەوە کارمان دەکرد، هەردووکمام وانەمان دەوتەوە، مانگی هەردووکیشمان لە(دزأشیب)ی شەمیران بوو، هەندێجار لەوێش یەکتریمان دەبینی، ئاشنای ڕەفتارو ڕەوشتی نیمابووم، ئەو مرۆڤێکی زۆر سادەبوو، بەو مانایەی کە ڕووبەڕوی هەرکەسێ دەبووە دەیەویست هەزرو هەستەکانی خۆشی بۆ ئەو بگوازێتەوە، ئێمە هەندێجار لەسەر زمانی فارسیو یا ئەو زاراوانەی کە ئەو لەشیعرەکانیدا بەکاریدەهێنا، قسەمان دەکرد، نایەتەوەبیرم، وەکو هێنانی سیفەت پێش مەوصوف، ئامادەگی هزریم نییە، بۆ نمونە(جوانی وشە)ی لەبری (وشەی جوان) یا(دروستکردنی قسەی جوان)و لەم شتانە.

دێتەوە بیرم ئەو ڕۆژە بەر لەوەی کە من لە هەمان قوتابخانەی پیشەسازی کەدەیانویست لەسەرپۆل بمگرن...

❖ **واتە لەروداوی دەستگیرکردنی پەنجاوسێ نەفەر؟**

▪ بەڵێ وەختێ چوومە ژووری مامۆستایان، بە منی وت: "بیستومە کە دکتۆر ئارانییان گرتووە"، ئەو لەڕۆژی پێشووەوە بەئاگابوو، دەزانیت کە (نیما) رابردووی (چەپی) یشی هەبوو؟ بەڵام ئەندامی حزبی هیچ شوێنێ نەبوو، بەڵام وابزانم کە یەکێ لە خزمەکانی لە چەپەکان، ئەگەر نەڵێم کۆمۆنیستەکان بوو کە لەئێران هەڵاتبوو، ئێستا ناویشی نایەتەوە بیرم.

❖ **لەوانەیە براکەی بڵێی؟ لادبن؟**

▪ بەڵێ، بەڵێ، لادبن، (نیما) لەڕوی سیاسیەوە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، هەمیشە مرۆڤ هەستیدەکرد کە ئەو دژی دامودەزگای فەرمانڕەوایە، بەڵام نەیدەویست خۆی بە گروپو حزب و دەستەو ئەم شتانەوە، هەڵبواسێ، من دێتەوە یادم کە دکتۆر ئارانی بۆ ئەو جێگەی ڕێزبوو، ئەو ڕۆژانە دکتۆر ئارانی سەرۆکی هەموومان بوو، کاتێ کە (سەرلەشکر جیهانبانی)بووە سەرۆکی بەڕێوەبەرێتی پیشەسازی یا(پیشەو هونەر)(هێشتا وەزارەت نەبوو) ڕۆژێك دکتۆر ئارانی بەو بڕوانامەیەی کە هەیبوو، چووە لای و جیهانبانی کردی بەسەرۆکی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەمان بەڕێوەبەرێتی پیشەو هونەر، وێڕای ئەمە بەڕێوەبەری هەموو قوتابخانە پیشەسازییەکان بوو، واتە سەرۆکی هەمومان، (نیما) ش ئەو کە هەوڵیدەدا پەیوەندی لەگەڵ هەموانداهەبێ، گوایە من بە گومانم پەیوەندی بە(نیما)شەوە کردبوو(نیما)ش کە زۆر ڕێزی ئەویدەگرت، هەمان ڕۆژ وتی:- بەھ! (دکتۆر ئارانی)یشان گرت، باشە، ئاشکرایە ئیتر.

❖ **بەڵام لەدوای ڕوخانی ڕەزاخان گوایە نیما مەیلی بۆ حزبی تودە پەیداکردبوو؟**

▪ نەخێر، ئەو مومکین بوو مەیلی هەبووبێ، بەڵام دڵنیام کە هیچ کات ئەندامی حزب نەبوو، بەدەر لەمەش

دۆستایەتی لەگەڵ جەلالی ئالی ئەحمەد ڕێگەینەدەدا بچێتە ناوەوە، بەتایبەتی کە ئال ئەحمەدو خەلیل مەلەکی و ئەوانیتر لە حزب دوورکەوتنەوە، مەیل بەم مانایەی کە هاوسۆزی هەبوو، بەڵێ، بەڵام دەزانم کە هیچ کات ئەندام نەبوو، لەراستیدا پیاوی ئەم کارە نەبوو، ئەو دەیوت "من خۆم تیۆرەیەك، ڕێبازێکم هەیە، ئەوانی تر دەبێ پەیوەست بن بە منەوە، من ناتوانم ڕێبازی کەسانیتر قبوڵ بکەم"

❖ **خۆزگە قوتابیانی نیماش لەوەوە فێردەبون ، قوتابیانی قوتابیانی نیماش ، ئەرێ بەڕاست تۆ(بەهای هەستەکان)ت خوێندۆتەوە؟**

■ نەخێر،! کێ نووسیویەتی؟

❖ **خودی نیما یوشیج.**

■ من نایەتەوە بیرم!

❖ **ئێستا باواز لەوە بهێنین، نیما لەگەڵ ئال ئەحمەدو هیدایەتدا هاوچەرخ بوو، لەگەڵ ئال ئەحمەد، کەوتت خودی ئەویش وتاری(پیرەمێرد چاوی ئێمە بوو) دەربارەی نیما نووسی، دەمەوێ بزانم نیما پەیوەندی چۆن بوو لەگەڵ هیدایەتدا؟**

■ من لەم بوارەدا ناتوانم هیچت پێبڵێم، باشە، ئەمان حەقمەن یەکتڕیان دەناسی.

❖ **ئاخر من نیما بیستم کە هیدایەت زۆر حەزی لە شیعری نوێ نەبوو، لەسەرەتای کارەوە ...**

■ ئەمە مومکینە، بەڵام من نازانم، هیدایەت لە خوێندنگەی مۆزیکی کە (مین باشیان)دایمەزراندبوو، چەند کەسێکی لەهاوبیران و هاوڕیانی وەکو عبدولحسێن نوشینی لەوێ جێگەکردبووە، مەمکین نییە کە نیمای نەناسیبێ، بەڵام شیعری نیمایی ئەو جۆرەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسینو کەسانی وەکو (ئیخوان ثالث) و ئەمانە لێکدانەوەو توێژینەوەیان بۆ دەکرد، ئەو کاتە نەناسراوبوو.

❖ **ئەی تۆ چی؟ شیعری نیما دەخوێنیتەوە؟**

■ من زۆر دواتر شیعری نیمام خوێندەوە.

❖ **واتە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێوە پێکەوە هاوڕێ بوون، خۆشی هاوکات شیعرەکانی بۆ نەدەخوێندیتەوە؟**

■ هەندێجار لە زەنگی پشوودا هەندێ لەشیعرەکانی دەخوێندەوە، بەڵام من شیعرەکانی زۆر ناخوێنمەوە، من هەندێ لەشیعرەکانی نیما لەساتی دەربڕینی مەبەستدا، بەڵام نەك لەساتی بەکارهێنانی وشەدا پەسەند دەکەم.

❖ **مەبەستتان چییە؟**

■ مەبەستم ئەمەیە کە گەنجینەی وشەی نیما بەس نەبوو، ئەوەش بۆ ئەم کارە گەورەیەی کە ئەو دەستی بۆ برد، بۆنمونە ئەگەر لەم ساتەدا ئەو بەشەهریار بەراوردبکەیت، دەبینی کەشیعری شەهریار پڕە لەزاراوەو گوزارشتو لێکدانەوی تازە، بەڵام نیما لەم بارەیەوە لاوازە، ئەمە بۆ چونێکە کە من هەمە، بەڵام نیما چەند شیعرێکی وتوە کە مانایەکی قوڵی هەیە، ئەمەش بەبڕوای من هۆکاری سەرەکییە کە ناوی هێندە خستەسەر زمانان، پاشان هەندێك لەوانەی لاساییان کردەوە، لەو باشتر لاساییان کردەوە، نیماش خۆی بووە هیولایەك(مادەی سەرەکی) نەك لەرووی زمان، بەڵکو لەو شێوازەی کە هەڵیبژاردبوو، کە (دێڕەکانی)شیعر نابی حەقمەن یەك ئەندازە بێ، سەروای هەبێ وکێشی مومکینە بگوڕێت،



ئەمانە ئەو کاریگەرییانەبوون لەدوای ئاشنابوونی بە زمانی فەڕەنسی.

❖ **هەڵبەتە شیعری فەڕەنسیش دەتوانێ کاریگەریێ لە کاری نیمادا، بەڵام کێشی نیمایی لەراستیدا شێوەیەکی نوێیە لەهەمان کێشی عروزی...**

■ ڕۆژێک ، پاشان دەتوانرێ لەناو کارەکانی نیمادا دەربهێنرێ، من نازانم سەرجەم شیعرەکانی ئەو لەسەر بنەمای کێشی عروزی، بەڵام عروزی فارسی، ئەوەندی کە ئێمە فێربووین، ئەمە بوو کە دەبوایە دێڕەکانیش بچڕین واتە نەک ئەمەی کە دێری چوار وشەو ئەویتر شەش وشە، شێوازی نیما بەڕای من ڕێگەیەکی تازەیە، واتە تا ئەو شوێنەی کە من دەتوانم دادەری بکەم.

❖ **هەڵبەتە هەر کەسێ دادەری خۆی هەیە، تۆ بەرهەمەکانی نیمات خوێندۆتەوە؟ شیعرەکانیشی؟**

❖ دەزانیت کە من بەزمانی ئەڵمانی کتێبێکم نووسیوە بەناوی(میژووی گۆڕانی ئەدەبیاتی ئێران/ Entwicklende Persische Literatur)(1964) و ناچاربووم کە دەربارەی نیمایوشیج دادەری بکەم و پێویست بوو کارەکانی بخوێنمەوە، سەرجەم ئەو کتێبانەی کە لەبەردەستمدا بوو خوێندمەوە، ئێستا مومکینە هەندێکیانم نەخوێندبێتەوە، لەهەرشێوەیەکدا دادەرییەکی گشتیم دەربارەی ئەو کردووەو خولاسەش هەر ئەوەیە کە پێموتن ، شێوەی هەیە، شێوازی هەیە، بەڵام **دەربڕینی** ، گەنجینەی **قسەی بەس نەبوو.**

❖ **بەهەرحاڵ جێگەی تۆژینەوەی دەربارەی شیعری نیما کراوەیە.**

یەکەمین کارەکان ، لەمناڵییەوەتا...

ئەم وردبینیە لەمندا هەیە کە بزانم نووسەرێکی وەکو ئاغا بزورگ چۆن کاری نووسینی دەستپێکرد، بەتایبەتی کە ئەو لەپێشڕەوانی ئەدەبیاتی نوێی ئێرانە، کۆمەڵگای ئەو ڕۆژە، جگە لە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کەموزیاد ئاشنا وەربگرێ، گرنگی کارەکانی جەمالزادەو هیدایەتو عەلەوی کە بەردی بناغەی چیرۆک نووسینیان داناوە کەمتر نەبوو لە کاری نیمایوشیج لەشیعردا، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژە پێداویستی جەسارەتی لەرادەبەدەر بوو، ئەمەیە کە لەبەشێکی تری گفتوگۆکەدا

❖ **هەڵبەتە کەمێ ڕەسمی و کتابیانە، لەئاغا بزورگ دەپرسم: لەکەیەوەو چۆن بوونە نووسەر؟ بە تەنزی شیرین وەڵامدەداتەوە: ((بەندە هیچ کات نەبوومەتە نووسەر...)) ئاغا بزورگ بەردەوام دەبێت:**

■ لەبەرئەوەی که من هەمیشە، لەگەنجیەتیدا لەو کاتەی کە هاتمەوە بۆ ئێران، ناچاربووم لەبیری دابینکردنی ژیانی خۆمو خێزانەکەمدابم وێڕای ئەمە ڕۆژی دە –دوانزە سەعات کارمدەکرد، ئەو کاتە، لەکاتی ئاساییدا، شەوانەیش کاتێ کە هاوسەرەکەم دەخەوتو مانّ تۆزی ئارامتردەبوو، دەستمدەکرد بە نووسین، وێڕای ئەمە، لەوانەیە یەک دوو کەس لەئێراندا ئەمڕۆ بتوانن بڵێن کە کاری ئێمە نووسینە، بەڵام ئەو سەردەمە مرۆڤ نەیدەتوانی لەڕێگەی نووسینەوە بژیت.

❖ **بیرەوە ئەگەر نەمتوانیبێ مەبەستەکەم بەباشی بگەیەنم، مەبەستم ئامادەگی نووسینە، لەکەیەوەو؟چۆن؟**

■ لەمنانّییەوە، بەڵێ ، لەمنانّییەوە...

❖ **واتە لەمنانّییەوە شت دەنووسیت؟**

■ کۆمەڵێ شت دێت بە خەیانّمداو دەنووسم، لەوانەیە یەکەمین جار کە من دەستمکرد بە نووسین(بیر لەمەدەکەمەوە، ڕەنگە پێشتریش پێم وتبی) "رابوون" ی تۆلستۆیم خوێندبۆوە، چارەنووسی ئەم کچەو پەیوەندی ئەو پیاوە خانەدانە، هێندە کاریگەری لەسەرم هەبوو کە دەستمکرد بە نووسینی کورتەیەک لەم ڕۆمانە، واتە دەمەویست ئەم ڕۆمانە چەند سەد لاپەڕەییە لە(دە– پانزە) لاپەڕەدا تەواوبکەم، ئەوەش بە فارسی ، لەو کاتەوە دەبێ دەستمپێکردبێ ، ساڵی 1922 یان 1923 بوو.

❖ **پاشانیش حەتمەن وجدیز بوو، لەکەیەوە بڕیارتاندا بەرهەمەکانت بلاوبکەیتەوە؟**

■ سالّی(1928) من لەشیراز مامۆستای قۆوتابخانەبووم، لەوی دەستمکرد بە نووسینو وەرگێران، یەکەمین کاری وەرگێرانی من شانۆنامەیەکی(شیلەر)بوو بەناوی(کیژی ئورلئان) کە سالّی (1932) لەتاران بلاّوکرایەوە، سادقی هیدایەتیش پێشەکی بۆ نووسی، ئەمە لەوانەیە تەنیا پێشەکی بێت کە سادقی هیدایەت لەسەر کتێبێك نووسیویەتی .

*پێشەکی نووسین لەسەر بەرهەمی لاوەکان پاشان زۆربووە باو کە بەبڕوای من زۆر پەسەندنەبوەو نییە، سەرەنجام بەو ئیعتباری کە بیروڕای هیدایەت لەو سەردەمەدا دەیتوانی هەبێ؟

نەخێر،ئێمەی ئیتر ئەو کاتە... سەیر بکە! هیدایەت مرۆڤێك بوو کە من جێگەی ڕێزی ئەو بووم ، واتە دەمزانی کەشتێك دەچێتە سەریەوە جێگەی ڕێزی ئەو بوو، بەلاّم هێشتا کەسیەتیەکی بەرجەستەنەبوو، تەنیا دووسێ کەس دەیانزانی کە ئەو خەریکە دەنووسێت و ئەم (شتانە)ش زۆر بالاّترە لەئاستی نووسینەکانی ئەو رۆژەی ئێران، بۆ نمونە ئەگەر بەراوردی بکەین بە نووسینەکانی(م.دهاتی).

❖ **م. دهاتی کێ بوو؟**

■ هەر ئەوەی کە.... ئێستا لەبیرم نییە، سەرەتا بەناوی(م.دهاتی)دەینووسی، پاشان بووە بەڕێوەبەری رۆژنامەیەك ، پاشانیش .

❖ **ئەها! حەقمەن محەمەد مەسعود دەڵێی ، ئەو رۆژنامەیەش (مرد أمروز)یە.**

■ بەڵێ بەڵی ، خۆیەتی!

❖ **بەهەر حاڵ بۆ من سەیرەکە بزانم کە لەبنەمادا بەزاراوەی ئەمڕۆ چ کەسانی تۆزیان دۆزییەوەو هاندەرت بوون؟**

■ –هەڵبەتە سادقی هیدایەت، من پێش ئەوە لە (ڕەوشت) بووم‌و چەندین چیرۆکم لەناو رۆژنامەی (پەروەردە) بلاّوکردەوە، ئەم رۆژنامەیە هی کەسێك بوو بەناوی(مەدەنی)سەیرە تۆزێك لەمەوبەر لە بامبرگ(شارێك لە ئەڵمانیا)بووم ، کەسێ هات‌و خۆی پێناساندم، وتی ، ناوم دکتۆر مەدەنییە. ئەو ئاغای مەدەنییەم بیرکەوتەوە، وتم تۆ خزمایەتیت هەیە لەگەڵ ئاغای مەدەنی سەرنووسەری رۆژنامەی (پەروەردە)؟ وتی بۆچی؟ من کوڕی ئەوم، پاشان تێگەیشتم کە ئەو برای (مەدەنی) یەکێ لە ئەفسەرە گوللە باران کراوەکان بوو، دێتەوە یادتان؟

❖ **بەڵێ ، وا هەستدەکەم لەشوێنێکدا خوێندبێتمەوە.**

■ وتی: من کوڕی ئەوم... بەڵی ، من چەندین چیرۆکم لەوێدا، لە(پەروەردە)دا بلاّوکردەوە کە زۆر ڕۆمانیتك بوون، ئەسڵەن ئەوانە بەبەشێك لە بەرهەمەکانی حساب ناکەم، یەکێ لەم نووسەرە لاوانە چوو چەند دانەیەك لەم چیرۆکانەی پەیداکرد لە ناو رۆژنامەی (پەروەردە)داو بۆی ناردم بۆ ئێرە(بەرلین)و دەبێ ئەوانە لەشوێنێ هەڵبگرم و بیانپارێزم، ئێستا لە کوێیە نازانم، سەیرە ! ناوی ئەم برادەرە لاوەی ئێمە چیبوو؟

❖ **پێشتر بەمنت وتبوو، کاك(ڕەهبەر)**

■ دەیناسیت؟

❖ **بەڵێ لە هاورێیانی کانونە.**

■ چۆن بوو کە قسە هات بۆ ئێرە؟ ها! کەسێك کە منی هاندا بەڵی، سادقی هیدایەت هەر لەو سەردەمەدا(سەردەمی بلاّوکرنەوەی چیرۆکەکان لەڕۆژنامە"پەروەردە") یەکێ لە کتێبەکانی بلاّوکردبووە، من یەکێ لەو چیرۆکانەم بۆ ئەو ئەخوێندەوە، هیدایەت وتی: ئاهـ... ئەگەر پێشتر دەمزانی ئەمەشم دەخستە ناو ئەو چیرۆکانەی کە بلاّومکردەوە، ئەم دیدارەی هیدایەت بۆ من زۆر هاندەر بوو، هەر لە بناغەوە ئەو گروپەی کەلە دەوری سادقی هیدایەت بوون هەموو هاندەری یەکتربیوون، هیدایەت سەرچاوەیەك بوو کە ئەوانیتری بۆ ئیشکردن و نووسین و لێکۆڵینەوەو بە داوداچون هاندەدا.

❖ **تۆ پیش بلاّوکردنەوەی چیرۆکەکانت ، ئەوانەت پیشانی کەسێك دەدا؟**

■ بەڵی، بەڵی ، زۆر بەیانم دەدا بەهیدایەت، موجتەبای مینەوی‌و نوشین، دەمدانێ و ئەمان دەیانخوێندەوە.

❖ **دوای ئەوە چی؟ پاش ئەو قۆناغە؟**

■ ئەو قۆناغە، تا ئەو شوێنەی کە لەئێران بووم، لێرە (لەدەرەوەی ولآت) ئیتر بەدبەختانە کەسم نەبوو کە پەیوەندی بەمجۆرە شتانەوە هەبێ. بەدەر لەمەش، لەدەرەوەی ولآت، واتە لەو سەردەمەی کە رۆژنامەی (رەهبەر) ببورە(مەردوم) دەردەچوو، ئیتر تۆزێکیش حەسودی بوو ئەمانە گرنگیان پێنەدەدام.

❖ **مەبەستت چییە لە(ئەمانە)؟**

■ نامەوێ ناوبهێنم لەبەرئەوەی کە ئەمانە....

❖ **تۆ هیچ کات لە(لایزیك) نەبویت؟**

■ –نەخێر

❖ **لە" بەرلین" یش کەسێ نەبوو کە بتوانیت چیرۆکەکانتی نیشانبدەیت؟ مەبەستم کەسێ کە توانای ئەم کارەی هەبێ.**

– نەخێر، کەسێك نەبوو، بۆ نمونە، من پەیوەندی لەگەڵ (رادمنش)یشدا هەبوو، بەلآم ئەو ئەهلی ئەدەبیات نەبوو، منیش کەسێك نەبووم، کە بۆ نمونە نیوەشەو بچمە سەرشەقامو لەگەڵ کەسێکدا قسەبکەم ، چیرۆکەکانمی بۆ بخوێنمەوە، ئەم سیفەتەم نەبوو.

بەسەر هاتی(خراپ تێگەیشتن) لەگەڵ دکتۆر خانلەریدا ئاغا بزورگ دەڵێ:

■ خانلەری بوبوە مودەعی کە چاوەکانی خوێندبۆوەو پاشان دەستکاری کردبوو.

❖ **یەعنی ئاغای خانلەری دەستکاری کردبوو.**

■ لێگەڕێن... ئەمە خۆی چیرۆکێکی تره، واتە پەیوەندی بەقسەی پێشوەوە نییە،

❖ **مەبەستتان تێنەگەیشتم.**

■ مەبەستم ئەمەیە کە ئەو کتێبانەی کە دەمنووسی زۆربەی...

❖ **نەخێر، خانلەری دەڵێم.**

■ نامەوێ زۆر لەم بارەیەوە قسە بکەم، داماوە، مردووە...

❖ **رەچاوکردنی ئەخلاق، بەهەر حاڵ باشە، بەلآم....**

■ سەردەمی (ساواك)، ئەو سەردەمەی کە ئەوان وەزیرو سیناتۆرو هەمەکارە بوو، لێکدانەوەیەکی نووسی کە چاوەکانی بەرهەمێکی ئەڤێنداری بوو.

(بەلآم) پاشان عەلەوی دەستکاریکردو لایەنی سیاسیدایە.

❖ **واتە بەئاڕاستەی خودی ئاغا خانلەری؟**

■ نەخێر من خۆم ، واتە سەرەتا شتێکیتر بوو پاشان من گۆڕیم.

❖ **باشە، ئەمە هەقی هەموو نووسەرێکە.**

■ مەبەستی ئەمە بوو کە من چووم چیرۆکێکی رۆمانسی ئەڤێنداریم نووسیووە، پاشان هاوڕێیانی من هاتن، هەڵبەتە بەدەستوری ستالین، کە ئەم چیرۆکە لایەنی سیاسی پەیدابکاتو فلآن... و من چووم و(لایەنی سیاسی)م خستۆتە ناو چیرۆك و بەمشێوە دەرچوو، بەشێوەیەك کە هیچ کات بەمجۆرە نەبوو، من، ئێستا کە خەریکی دەپرسی، لەهەمانکاتدا چەند نامەیەکم بۆ نوشینو مینەوی نووسیو لێم پرسین ئایا راستو هەڵە چی هەیە؟ مەبەستم پروپاگەندەی خانلەری بوو، نووسیم تۆ کە کتێبەکەی منت خوێندۆتەوە. ئایا من دەستکاریم کردوە؟ مینەوی نووسی خێر، نوشینیش هەروای وت: لەبیرمە کە بۆ یەکەمین جار((چاوەکانی))مدا بەمینەوی و خوێندیەوە پێی وتم تۆ حیکاتخوانێکی باشی، نەیویست بڵی کە تۆ(بزورگی عەلەوی) نووسەرێکی باشی، وتی تۆ حیکاتخوانێکی باشی، ئێستا کە قسەکرا من پێویستە بڵێم کە هیچ گلەییم لە خانلەری نییە، ئەو لەو رۆژگارەدا نەیدەتوانی شتێ دەربارەی من بنووسێ کە لایەنی رەخنەیی نەبێ، کەس نەیدەتوانی رەخنەو بیانویان پێبگرێ، من خانلەری بەهەمانشێوەی کە بوو دەناسم، مرۆڤێکی ئامادە، مرۆڤێکی دانا، ئیشکەر، جستوجۆ، بەلآم بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستیو ئەدەبیو فەرهەنگییەکان رێکەوتنی بەپێویست دەزانی، ئێستا کە هەندێکیان مومکینە بڵێن کە نەخێر ! چونکە(خانلەری) بەسەرەتو سامان رێککەوتبوو،

❖ **واتە نووسینی وتاری(رەخنەیی) لەهەمان جۆری کەوتت.**

■ بەڵێ ئیتر هەر کەسێ بە گومانی خۆی بووە یاری من.

❖ **باشە، هەموو کەسێ کار نامەیەکی هەیە.**

■ من چەندین جار وتومە کە خانلەری وەزیر لەوانەیە کەس لە میژودا ناوی نەبات، بەڵام ئەو لەبواری ئەدەبیاتدا مەشخەڵێکی داگیرساوە کە لەوانەیە دەیان ساڵ رونا کی بەخش بێ.

من هێشتا ریالستم

❖ **بابگەڕێنەوە بۆ شێوەکاری خودی تۆ، بەچ جۆرێ دەستپێدەکەی؟**

■ ئەمە بەدوو وشە ناکرێ بوترێ.

❖ **نەخێر، بەڵام بەگشتی...**

■ ئاغا، بۆغونە کارەساتێك لەژیان رووەدات، ئەم کارەساتە من نیگەران دەکات، پاشان دادەنیشم بیری لێدەکەمەوە، بەڵکو لەروی رۆحیشەوە شیدەکەمەوە، ئەمە ماوەیەك لە هزری منداجۆش دەخوات‌و لەوانەیە دوو سێ مانگ بخایەنێ، لەدوای دوو سێ مانگ، لەپڕ هەستدەکەم کە ئەها!ئێستا دەبێ دابنیشم و بنووسم، ئەمە تا یەك دوو مانگ‌و یا زیاتر دەخایەنێ، بەڵام شەپۆلێکی کە لەوانەیە شەش حەوت مانگی هەیە کە بابەتەکە لە هزری منداگەشەیکردووە، بەرفراوان بووە‌و نووسینی ئەو زۆرئاسانە، یەکەم کە دەنووسرێ، پاشان ئەگەر کەسانێکم هەبێ بۆیان دەخوێنمەوە، یەکێ دووجار بۆ یەك دوو کەس، ئەوانیش ئەگەر بیرورایان هەبی، لەدوا خولەکیشدا، کاتێ کە دەمەوێ بینێرم بۆ ژێر چاپ، دەیخوێنمەوە‌و لەوانەشە لەیەك دوو شوێن دەستکاری بکەم.

❖ **لە نووسیندا زیاتر گرنگی بەچ شتێ دەدەی؟ هەرچەندە نابی کە فۆرمو ناوەرۆك لەیەکتری جیابکرێنەوە، بەڵام وا هەستدەکەم کە ناوەرۆك بەلای تۆوە گرنگتر بێ زمانیش کە....**

–سەیربکە ئاغا! زمانم هەمان زمانە کە لەمنالێدا فێریبوم، لەگوڵستان، میژوی بیهقی‌و ئەمانە، زمانی من لەم پەنجا ساڵەش هیچ نەگۆڕاوە. من خۆم باش دەزانم لەو لایەنەشەوە رەخنەم لێدەگرن، دەڵێن کە زمانی کۆن‌و دێرینە، بۆغونە ئەم زاراوە نوێیانە(برأیند)و (فرأیند) و نازانم...

❖ **بەڵام ئەمانە زۆر تازەش نین.**

■ دەزانم، بەهەر شێوەیەك ئەم زاراوانە ئێستا ئیتر خەریکە جێدەگرن، بەڵێ وتم زمانێکە کە من لە منالێیەوە فێربوم، لەو کاتەوەی کە (عمە جزو)م دەخوێندەوە ، تا ئەو کاتەی کە میژوی بیهقی.

بەڵام ناوەرۆك ، هەروەکو وتت بۆ من گرنگە ، من هێشتا خۆم بە نووسەری ریالیست دەزانم، واتە واقعی، من ئەوەی کە نووسیومە لەواقعەوە وەرمگرتوە، لەوانەیە کەمێ خەیاڵیشی تێدابێ، بەڵام نەك وەکو ئەم شتەی کە ئەمڕۆ لە ئێران باوە، دەمەوێ بڵێم مارکیزانە، بەقەولی خۆیان بەزهنیەت دەیانەوێ چی؟ عەینیەت نیشانبدەن، کە من هەندێجار بەڕاستی تێناگەم، ئێستا من خەریکە کتێبێ دەخوێنمەوە(ناوی ناهێنم) کە بەبەشێ لە کتێبە باشەکان ناسراوە، من تا ئێستا دوو سێ چیرۆك لەم کتێبەم خوێندۆتەوە، بە زهنیەت پڕبووە، من ئەسڵەن لەمەبەستەکەی ناگەم، خوا لێی خۆش بێ(نا، خودا رەحمی پێبکا، چونکە ئەو نەمردووەو هێشتا زیندووە) ئەمە ئاغای مارکیز، ئەو ئەم رێگەیەی گرتۆتەبەر.

❖ **بەڵام لەئێران پێشتر هیدایەتیش ئەم کارەیکردبوو.**

■ هەڵبەتە هیدایەت ئەم کارەیکردبوو، بەڵام رشتەی کاری لەدەستدا بوو، دەیزانی لە کوێی کارەکەدا ئەم (زهنیەتە) بهێنێ، کە مرۆڤ لە مەبەستی سەرەکی تێبگات، تەنانەت لە (کوندە پەپوی کوێر)یشدا، لە کوندە پەپوی کوێردا هیدایەت بە قەولی ئێوە زهنیەتە، خەیاڵە ، وێناکردنە (زمانی تازە) بەڵام ئێوە سەیربکەن، بنەمایەکی هەیە، من نامەوێ ناوی بهێنم ، ئێستا کتێبێك بەڕاستی بۆ جاری دووەم دەخوێنمەوە لەراستیدا تێنەگەیشتم ئاغا...

❖ **ناتەوێ ناوی بهێنیت؟**

■ نا، نەخێر، نامەوێ؟

❖ **من زۆریت لێناکەم، بەڵام هەست ناکەم کە ئەگەر ڕەخنە لە شوێنێکیش لەلایەن تۆوە لە نووسەرێك بگری، ڕوبەڕووی بێتەوە.**

■ لێگەڕێن کاتی کە ئەم تۆمارکردنە تەواوبوو، من پێتەڵێم، تا بزانم دەیناسیت؟

❖ **زۆرباشە! ئەگەر دورستە هەڵمهێنابێ، فۆرم و زمان، لەدیدی جوانناسی، بە بۆچونی تۆ لە پلەی دووەمی گرنگی دەوەستێ.**

■ زمانو فۆرم بەهەر حاڵ گرنگی خۆیان هەیە، هەندێجار هەوڵدەدەم، ئەگەر چیرۆکی هی سەردەمانی رابردووە، تا ئەو شوێنەی کە بۆ مبکرێ زمانی ئەو سەردەمە بەکاربهێنم، من چیرۆکێکم نووسی بەناوی(احسن القصص)، ئاماژەیەك بوو بەو ڕەوشەی کە حزبی تودەی تێدابوو، بۆ نمونە خۆشحاڵ دەبوون کە ئەگەر فلان ڕەهبەری حزبی بۆ نمونە هونولولو باسی لەمانە دەکرد، وەختێ من لە (احسن القصص)دا چیرۆکی یوسفو براکانیم هێناوە، یەکێ لە نووسەرە ناسراوەکان وتبوی کە بەڵێ(عەلەوی) ویستویەتی زمانی ئەو دەورە بهێنێ، بەڵام سەرکەوتو نەبووە.

❖ **هەقیشیەتی؟**

■ لەوانەشە هەقی بێ، بەڵام هەندێکیان وتیان ئەمە باشترین چیرۆکە کە تا ئێستا نووسیوتە، زۆرباشە ! تۆ (احسن القصص)ت خوێندۆتەوە ئاغا؟

❖ **نەخێر، بەداخەوە، نەخێر.**

❖ **ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری (خوانیها)ش، بەو جودی (ساواك) بلاوکرایەوە، ئەم(خواندنیها)یەش دەزانیت کە هەندێجار ئازایەتیشی دەنواند، فایلی(أحسن القصص)ی بەناونیشانی (نامەیەك کە هەرگیز بە خاوەنەکەی نەگەیشت) چاپکرد.**

■ ئەم ((ئازایەتییە)) بەندە بە بابەت و هەڵو مەرجەکانو قابیلی دەرك پێکردنە، هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەی سانسۆری توند لە بلاوکراوەکاندا هەبوو، مرۆڤ گەلی هۆشیاریش هەبوون.

بۆنمونە هەر لە (خوانیدها) دا لەبەسەرهاتی لەسێدارەدانی قازی محەمەدا ئازایەتیەکی نواندبوو، یا لە (کەیهان) دا کە من کارم لێدەکرد، لە خەباتی قارەمانانەی ئەحمەد زیبرم لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی شادا زۆر ئازایانە نووسیبویان، پاشان نووسەری ئەم ڕاپۆرتە دەستگیرکرا، کەم نەبوون ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە زیندانەکاندا داری ئازایەتیان دەخوارد.

❖ **تۆ ئێستاش چیرۆك یان ئەو چیرۆکانەت هەیە؟**

■ بەڵێ

❖ **کەواتە چاوەڕوانی کتێبی نوێ بین لە تۆ.**

■ ئامادە بۆ کتێبم نییە، نەخێر، .

❖ **ناتەوێت.**

■ نەخێر، نامەوێ، دەزانیت کە ئەو کتێبانەی من ئەسڵەن لە ئێران چاپ نابێو نەبووە تا ئێستا.

❖ **بەهەرحاڵ لێرە یا لەوێ، درەنگ یا زوو لەئێرانیش چاپدەکرێ، من دڵنیام مەبەستم ئەمەیە کە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە کتێبی نوێ ئامادە نەکەیت.**

■ هەڵبەتە، من ئێستاش تا دەتوانم هەوڵدەدەم کۆمەڵی شت بنووسم، هەرچۆنێك بێ، ئێستا دوو کتێبم ، یەکێکیان(مۆریانە) کە هەمو ڕایدەگەیەنن چاپکراوەو چاپنەکراوە، ئەویترێش یادەوەرییەکانمە کە لە (أدینە) یا (دنیای سخن) نووسیویانە بەناوی(تێپەڕینی ڕۆژگار) بلاوکراوەتەوە، لە هەر حاڵەتێکدا کە چاپنەکراوە، من تەنیا دە لاپەڕەی یەکەمم بۆ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی (گوس)نارد. (گوس)یش ئەوەی لە شوێنێ چاپکرد، تۆ نەتدی؟

❖ **بەڵێ بینیم و خوێندمەوە، تۆ خۆت ئەوەت پیشاندام.**

کەیفم بە (میرزا) دێت

❖ **ئاغی عەلەوی! تۆ بەکام یەك لە چیرۆکەکانت زیاتر لەوانیتر وابەستەیت؟**

(بەپێکەنینەوە ، دەڵێ)

■ ئاغای سەرفراز! لەشێوەکارێکی باشیان پرسی کە باشترین بەرهەمی تۆ کامەیە؟

❖ **ناچار وتی، دواهەمینیان.**

■ نەخێر، چوو تابلۆی سپی پێشاندا ، وتی لەناو ئەمەدا من هەڵەیەك بەدیناکەم، ئەوانەیتر هەر کاتێ دەیانبینم، هێشتا دڵم دەیەوێت تۆزێك بیانگۆڕم ، منیش بەهەمان شێوە، کەسێك لەم شورەوییانە لە لێکدانەوەیەکدا نووسیبوی کە(لە چیرۆکەکانی عەلەوی)دا تەنیا رۆشنبیرەکان هەن، کرێکارێکیش نییە، عەیبیان لە هەمو کتێبەکانم گرتووە، کە هەڵبەتە هەندێکیان راستە، من بەجورئەتم ئەوەم هەیە کە بڵێم ئەمانە راست دەڵێن، واتە هیچ یەك لە نووسینەکانم بە خواستی ئەمڕۆم نین، بەڵام ئامادەش نیم دەستکاریان بکەم.

❖ **وحاڵتۆ دەبێت پەیوەندی عاتفی زیاترت بۆ بەرهەمێکیانت هەبێ؟**

■ بە ڵێ،بۆنمونە من کەیفم بە "میرزا"دێت بۆ نموونە چەمکێك لە ژیانی خۆمە.

❖ **دروستە.**

■ هۆکاری دیاریکراو هەر ئەمەیە، نەك ئەمەی کە بەباشترین شێوە دەربڕابێ بەڵکو بەم هۆکارەی کە بڕێك لەژیانی کۆچەری، دەربەدەری و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی تێدایە.

❖ **بەناچاریش گۆڕانی فکری، واتە هەڵکەندن لەئەفکاری رابردوو.**

■ نەخێر، بەم رادەیە نا، سەیربکەن! کۆمۆنیزم بە مارشی شورەوی لەناوچوو،واتە شکستی خوارد، بەڵام سۆسیالیزم لەناونەچووە.

❖ **مەبەستتان فیکری سۆسیالیزمە.**

■ بەڵێ فیکری سۆسیالیزم، بنەمای سۆسیالیزم، واتە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەمە پایەدارە.

❖ **باشە، ئەمە سروشتییە.**

■ بەڵی ئەمەیە، من ناتوانم لە بنی ئەم ئەفکارە بدەم، لەگەڵ ئەوەدا یەك دەگرمەوە، بەڵام کۆپی کۆمۆنیزمی شورەوی(روسیا)، کە ئێستا ئیتر پێویستە بووترێ هەمان تزاریسمی روسیابوو، ئەگەر بەحسابی خاکەرایی من نەکەن، دەمەوێ بڵێم کە رێگەی ئێمە نەبوو شکستی دەخوارد، شکستیی خوارد، رێگەیەکی هەڵەبوو، هەڵبەتە دەبێ ئەمەش بوترێ، ئەوەی کە مارکسی لەبارەی دۆخی چینی کرێکارەوە وتویەتی ئەمڕۆ ئیتر وجودی نییە، کرێکاری کارگەی سەرمایەداری ئیتر بەو جۆرەی کە مارکس وتبوی ناچەوسێتەوە.

❖ **ئاغای عەلەوی ، ئێستا کە قسە دیسانەوە کشا بۆ ئەم شوێنانە، خراپ نییە کە بابەتی روون بکەینەوە.**

■ فەرموو!

❖ **لە گفتوگۆی پێشوماندا خاڵێك بوە مایەی خراپ تێگەیشتن، کە گوایە تۆ کەسانی وەك (بەئازین)و(کەسرایی) و ئەوانی ترت لە کانونی نووسەرانی ئێران تۆمەتبارکرد بەوەی خیانەتیانکردوە، .**

■ نەخێر، ئاغا! من پێموتبووی کە ئەم رستەیە بسڕەرەوە، ئەمانەو ئێمە ، هەموو قوربانی سیستمێکی هەڵەبوین، دەبێ ئەو سیستمە مەحکوم بکرێ.

❖ **سوپاست دەکەم، هەڵبەتە لەرێکخستنی ئەو گفتوگۆیەدا کۆمەڵی هەڵە هەبوو.**

ژێدەر:

کتێبی((یاد/بزرگ علوی)) بە کوشش : علی دهباشی چاپ أول :1384 نشر ثالث